# چی دەڵێن
# دەربارەی ئیسلام ؟

مواقِف وَ مَشاهِد وَ تَصريحات

**چەند هەڵوێست و دیمەن و دان پێدانانێك**


نـوسيـنـی : محمد بن جميل زينو

**وەرگێڕانی: هێمن ئەحمەد قادر**

**پێداچونەوەی زمانەوانی: م. علی عبدالله**

**پێداچونەوەی واتایی:**

**م. خالید ئەحمەد**

**فێرخوازی دکتۆرا لە زانستی شەرعی**

## بِسْمِ اللّهِ الرّحمنِ الرّحِيم

### (( پێشەکی دانەر ))

إنّ الحمدَ لِلّهِ نَحْمَدُهُ وَ نَستَعينهُ و نستغفِرُهُ، وَنَعُوذُ باللهِ مِنْ شرورِ أنفُسنا وَمِن سيئاتِ أعمالِنا، مَنْ يَهدِهِ اللهُ فَـلاَ مُضِـل لَـهُ، وَمن يُضْلِل فَلاَ هاديَ له، وَ أشهَدُ أن لاَ إله إلاّ الله وَحدهُ لاَ شَريكَ لَه، وأَشْهَدُ أنّ محمداً(σ) عَبْدهُ وَ رَسوله، أمّا بَعد :

**ئـەوەی کـە لەبـەر دەسـتت دایـە چـەند لاپەڕەیـەکی ڕۆشـن کەرەوەیـە، کـە وتـەی ڕۆژهـەلأت ناسـەکانە (المُستشـرقون) دەربـارەی گـەورەیی ئـایینی پـیرۆزی ئیسـلام و گـەورەیی قورئـان، ئـەو قورئانـەی کـە موعجیزەیەکی هەتا هەتاییە تاکو ڕۆژی دوایی، ئەو قورئانـەی مانـای هـەموو پەرتوکە ئاسمانیەکانی تـری وەك( تەورات و ئینجیل) و پتر لەوانیشی لەخۆگرتووە، کە لەهەمویان باشترە و جێگرەوەی حوکمی ئەوانی ترە، بەو هۆیەوە موسڵمانان قەدر و ڕێزی دینەکەیان دەزانن و دەستی پێوە دەگرن وە گاورەکان و غەیری ئەوانیش لەدینەکانی تر، دەزانن کە ئەم دینە بریتـی یـە لـەدینی(ئیبراهیم و موسا و عیسا ومحمد، سەلام لەسـەر هـەمویان بێـت) وە ئـاینی بـاقی پێغەمبـەرانی تریشـە، بەڕاسـتی عیسـی سـەلامی خـوای لەسـەر بـیٚ مۆژدەی داوە بە هاتنی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، هەروەك لە فەرمودەیەکی پێغەمبـەر(صـلی الله علیـه وسلم)دا هاتووە دەفەرمویٚ:**

(( وسأخبركم بأول أمري دعوة إبراهيم، وبشارة عيسى ))[١].

**داواکـارم لـەخوای گـەورە کـە بـە هـۆی ئـەم پەرتوکـەوە سـود بگەیـەنم بەموسـڵمانان و گاورەکـان و غـەیری ئەوانیش، وەڕێنمونیمان بکات بۆ سەر ڕێگـای ڕاسـت، بـۆ سـەر ڕاستە شـەقامەکەی، کـە بریتـی یـە لـەئاینی ئیسلام، ئەو ئیسلامەی کە دان دەنێت بە ئایینە ئاسمانیەکان.** وصلى الله على محمد و على آله وصحبه وسلم.

(محمد بن جميل زينو )

---

(١) صححه الحاكم والألباني.

# ( پێشەكی وەرگێڕ )

**خَيرُ مايسطره القَلَم، حَمْدُكَ اللهُمّ على جزيل النعم، وصلى اللهُ على نبيّ خيرِ الأمَم،محمد وعلى آلِهِ وَ صَحْبِهِ وَ سَلّم**

**دوای ئەوەی كە برایەكی خۆشەویستم داوای لێ كردم ئەم نامیلكەیە وەرگێڕمە سەر زمانە شیرینەكەی خۆمان، وە منیش پاش سەیر كردنی و تێگەیشتن لێی، بۆم دەركەوت سود و گرینگیەكی زۆری هەیە، وە بە باشم زانی كە داوەكەی قەبوڵ بكەم و وەریگێڕم، بۆ خاتری ئەوەی كە پەرتوك خانەی كوردی ئیسلامی دەوڵمەند تر بكەم و خوێنەرانی كوردیش لەسودەكانی ئەم نامیلكەیە بێ بەش نەبن، وە بەڵكو ببێت بە هۆكاری گەڕانەوەو تەوبەكردنی زۆرێك لەموسڵمان وناموسڵمانان إن شاءالله، چونكە ئەگەر بێت و هەركەسێكی خاوەن عەقڵ بیخوێنێتەوە، تێی دەگات و بۆی ڕون دەبێتەوە كە دینی ئیسلام تاكە بەرنامەیە كە خێرو خۆشی و سەر فرازی دونیا و قیامەتی پێوەیە، وە بێ كەم و كوڕە و هیچ لایەنێك لەلایەنەكانی ژیانی وەلا نەناوە، بەڵام دین و بەرنامەكانی تر، مایەی بەدبەختی و ناڕەحەتین هەم لەدونیا و هەم لەقیامەتدا، وە ئەگەر چی هەندێك خەڵكی لەدونیادا بڵێن ئەوەتا حاڵی ئێمە خۆشترە لەشوێن كەوتوانی ئاینی ئیسلام، ئەوا ئێمە پێیان دەڵێن: نەخێر وانیە، ڕاستە زاهیری لەسەروەت و سامان و پێشكەوتندا ڕەنگە لەپێش ئێمە بن، بەڵام ئەو خۆشی و ئارامیەی لەدڵ و دەرونی موسڵمانانی ڕاستەقینەدا هەیە ئەگەر ئێوە هەموو دونیا ببەخشن لەپێناو بەدەست هێنانی دا پێی ناگەن، ئەمە جگە لەژیانی نەبڕاوەی دواڕۆژ كە بەراورد ناكرێ بەوەی دونیا، جا داواكارم لەخوای پەروەردگار هیدایەتی هەموو لایەك بدات بۆ سەر ئاینی پاك و بێ گەردی ئیسلام، بۆ سەر ڕێگای ڕاست، چونكە لەناو موسڵمانانیش دا كەسانێك هەن كە ڕێگەی ڕاستیان لێ ونبووە و لەسەر ڕێگایەكی چەوتن، هەر ئەوەشە كە وای كردووە موسڵمانان ئەمڕۆ خاوەن پێگەیەكی بەهێز نەبن، بەڵكو پەرتەوازە بونەو پشتیان لەدینەكەیان كردووە و(ئەصل و فەرعیان) لێ تێكچووە، یاخود شوێن بەرنامەیەكی دەستكرد و دور لە دین كەوتون، وە ڕەنگە هەموو ئەوانەش لەسەر ئیسلام حیساب بكرێن، بەڵام ئیسلام لەهەموو ئەوانە بەرییە، چونكە ئیسلام نە بە خوڕافیات و پەرتەوازەیی(بە ناوی دینەوە)ڕازی یە، وە نە بە بەرنامەیەكی دەستكردی عەلمانی و شیوعی ڕازییە، جا داواكارم لەخوای پەروەردگار هیدایەتی ئەوانیش بدات، تاكو لەخۆشی دونیا و دواڕۆژدا بێ بەش نەبن.**

**لەكۆتاییدا سوپاسی خوای پەروەردگار دەكەم كە یارمەتی دام و بۆی ئاسان كردم، وە پاشان سوپاسی هاندەرانم و یارمەتی دەرانم دەكەم لەسەر وەرگێڕانی ئەم پەرتوكە، داواكارم لەپەروەردگاری بە بەزەیی كە ئەم كارەم بۆ بخاتە تای تەرازوی چاكەكانمەوە، وە بۆم بكاتە بەڵگەیەك بۆ چونە ناو بەهەشتمەوە، لەگەڵ باقی خوێنەرانی سود وەرگر لەم پەرتوكە و تێكڕای موسڵمانانی تری ڕاستەقینە ئامین، ئامین یا رب العالمین.** وصلى الله على محمد و على آله و صحبه وسلّم.

**( وەرگێڕ )**

## گەورەترین پیاو لەمێژوودا

بەڕاستی هەموو دونیا شاهیدی بە گەورەیی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەدەن، وە لەوانەش زانایەکی ئەمریکی بە ناوی (مایکل هارت) لە پەرتوکەکەیدا بە ناوی (١٠٠ پیاو لەمێژوودا) کە مامۆستا (ئەحمەد بهائەددین) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە گۆڤاری (العربی) ژمارە(١٤٢)دا بلاّوی کردۆتەوە، ئەوەمان لێ وەرگرت کە دەربارەی گەورەیی پێغەمبەری بەڕێز محمد(صلی الله علیه وسلم) دەڵێ: هەڵبژاردنی محمد(صلی الله علیه وسلم) لەلایەن منەوە بە یەکەمین پیاوە گرنگەکانی مێژوو، بێگومان خوێنەران سەرسام دەکات!!، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئەو(صلی الله علیه وسلم) پیاوێکی تاقانەیە لەهەموو مێژوو دا کە سەرکەوتوو بوبێت، بەگەورەترین سەرکەوتن لەسەر ئاستی ئایینی و دونیایی. دەبینین کە چەندین نێردراو و پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێ)و دانایان و(زانایان) دەستیان بە پەیامە گەورەکانیان کردووە، بەڵام مردوون بێ ئەوەی تەواوی بکەن[٢]، وەکو مەسیح لە مەسیحیەتدا [٣]. یان هاوکاریان کراوە لەگەیاندنی پەیامەکەیان جگە لەخۆیان،یان پێش ئەو موسا لەیەهودیەتدا، بەڵام محمد(صلی الله علیه وسلم) تاکە کەسێکە، کە پەیامە ئایینیەکەی تەواو کردبێ و ئەحکامەکانی دیاری کرابن، وە هەموو میللەتان بە تێکڕایی باوەڕیان پێهێناوە لەژیانی دا، لەبەر ئەوەی لەپاڵ لایەنە ئایینیەکەشی یەوە هەستاوە بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ [٤]. هەروەها لەلایەنە دونیایەکەشدا دیسان هەڵساوە بەیەکخستنی هۆزەکان وەك یەك گەل، وە یەکخستنی هەموو میللەتان بەیەك ئوممەت، وە هەموو بنەمایەکی ژیانی بۆداناون و وێنەی کارەکانی دونیای بۆ داناون، وە میللەتی موسڵمانی دانا بە خاڵی دەستپێکردن بۆ جیهان لەژیانیدا، جا ئەوە بریتی بوو لە پەیامە دینی و دونیایی یەکەی و تەواویشی کرد.

---

(٢) (هەموو پێغەمبەرانی خودا پەیامەکانیان تەواو کردووە، ئەوەی کە ئەمریان پێکرابوو بیگەیەنن بەخەڵکی گەیاندویانە،بەڵام جیاوازی نێوان ئەوان و پێغەمبەر محمد (ﷺ) ئەوەیە کە خوای گەورە سەرکەوتنی دینەکەی بۆ نوسیبو لەژیانی خۆیدا و دوای مردنیشی ئەم سەرکەوتنە هەربەردەوام بووە).

(٣) (بەڵام مەسیح (عیسا) سەلامی خوای لێبێت نەمردووە، بەڵکو ﴿ رفعه الله إليه﴾١٥٨/النساء . واتە خوای گەورە بەرزی کردۆتەوە ئاسمان. وە بە زیندویی تائێستا ماوە(وەرگێڕ)، وشەی مەسیحی لەناو موسڵمانان دا زۆر بەکاردێت کە یەکێکە لەهەلەبلاّوەکانی ناو موسڵمانان،لەبەر ئەوەی مەسیحی دەدرێتە پاڵ مەسیح پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)(علیه السلام) کە ئەو بێبەریی یە لە بەناو مەسیحیەکانی ئێستا، وە بێگومان قورئانیش بە(النصاری) ناوی بردون، وەك دەفەرموێ: ﴿ وقالت النصارى المسيح ابن الله ﴾ (٣٠/التوبة).{ بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی ئەم بابەتە بگەڕێوە سەر پەرتوکی (الأخطاء الشائعة) هی (محمد بن جميل زينو)، دەکرێ ئێمەی کوردیش بە گاور ناویان ببەین(وەرگێڕ).

(٤) (ئەوە زانایەکی ئەمریکی بێ باوەڕە دان دەنێ بەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ )، پێغەمبەری دونیاش بووە، وە دانی ناوە بەو دەوڵەتەی کە داشی مەزراندووە، بەڵام بە داخەوە موسڵمانانی ئەمڕۆ بە تایبەتی هەندێ لەئەوانەی لەگەڵ دەسەلاّت دان لە (وولاّتانی ئیسلامی) دان نانێن بەم ڕاستی یەو دەڵێن ئایین هیچ پەیوەندی یەکی بە بەڕێوەبردنی ژیانەوە نی یە و دەبێت دین لەدەوڵەت جیا بێت! ! ! لەکاتێکدا ئاینی ئیسلام هیچ بوارێك نەماوە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ئیللا ئاماژەی پێکردووە و یاسا و ڕێسای بۆداناوە، وە بۆ هەموو کێشە و گیروگرفتەکان چارەسەری داناوە بە شێوەیەك کە بێ کەم و کورت بێ و پێویست نەکات هەڵپە بکەین بۆ دین و بەرنامەی تری دەستکرد(وەرگێڕ).

# بەرێزدانانی ئافرەت لەئیسلامدا

**بێگومان ئیسلام ڕێزی لەئافرەت ناوە بەوەی کە کردویەتی بە پەروەردەکاری نەوەکان، وە چاکی کۆمەڵگای بەستۆتەوە بە چاکی ئافرەتەوە، وە ئیسلام بالاّ پۆشی(الحجاب)ی فەرز کردووە لەسەر ئافرەت بۆ ئەوەی بیپارێزێت لەخراپەکاران و کۆمەڵگاش بپارێزیٚ لە بەڕەلاّیی و خۆڕوتکردنەوە(السفور). وە بالاّ پۆشی سۆز و میهرەبانی دەهێڵێتەوە لەنێوان ژن و مێرد دا، جا کاتێك کە پیاو دەبینێت ئافرەتێك( خۆی دەرخستووە و خۆی دانەپۆشیوە) جوانترە لەخێزانەکەی، ئەوا بەینیان تێك دەچێت، یان هەندیٚ جار سەردەکێشیٚ بۆ لێك جودابەنەوە(الطلاق)، بێگومان لەقورئاندا باسی بالاّ پۆشی کراوە وەك خوای گەورە لەسورەتی(الاحزاب٥٩)دا دەفەرمویٚ:** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٥٩ ﴾ الأحزاب: ٥٩ .

واتە: ئەی پێغەمبەر(**صلى الله عليه وسلم**) بە هاوسەرانت و بە کچانت و بە ئافرەتانی بڕوادار بڵیٚ با عاباکانیان بدەن بەسەر خۆیاندا( خۆیان و جوانی خۆیانی پیٚ داپۆشن) ئەوە نزیکترە بە داوێن پاك بناسرێن تا بە هۆیەوە ئازار نەدرێن.

**ئەم ئایەتە بالاّ پۆشی ڕوون دەکاتەوە و واجبی دەکات لەسەر دایکانی باوەڕدار و ئافرەتانی باوەڕدار(وە هەتا ئافرەتانی بیٚ باوەڕیش دەگرێتەوە) لەئافرەتانی ئەهلی کتاب(جولەکە و گاور) و قەدەغەیان دەکات کە جوانی خۆیان دەربخەن بۆ پیاوان، دەقی ئەم ئایەتە حەرامکردنی ڕووتی(سفور)و دەرخستنی جوانی ئافرەت بۆ پیاوی بێگانە(نامەحرەم) یەکلایی دەکاتەوە، وە بەڵگەش بۆ ئەوەی ئافرەتانی بیٚ باوەڕ(ئەهلی کتاب)یش دەگرێتەوە، ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرمویٚ:**﴿ونساء المؤمنين﴾[٥]، **نەیفەرمووە**(ونساء المؤمنات) **کە مەبەست پێی خێزانی باوەڕدارانە لەئەهلی کتاب نەك(ئافرەتانی باوەڕدار)، وە بەڵگەش لەسوننەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بۆ حەرامیەتی سفوری ئەم فەرمودەیە کە دەفەرمویٚ:**(( صنفانِ مِنْ أهل النّارِ لَمْ أرَهُما: قومٌ مَعَهُم سياط كأذنابِ البَقَر يَضْرِبُونَ بِها النّاس، ونساءٌ كاسياتٌ عارياتٌ مائِلاتٌ مُميلات رؤوسهُنَّ كأسنَمة البخت، لا يَدخُلْنَ الجنّةَ وَ لاَ يَجدنَ ريحها، وإنّ ريحها ليوجد مِنْ مسيرة كذا و كذا))[٦].

---

(٥) دیارە کە بۆ پیاوانی موسڵمان دروستە لەئافرەتانی(ئەهلی کتاب) مارەبکەن بە مەرجێك داوێن پاك و ئەهلی زیممە (أهل الذمة)بن و شەڕکەر نە بن بە پێی ئایەتی(٥) لە سورەتی المائدة(وەرگێڕ).

(٦)( رواه مسلم في صحيحه) ١٦٨/٦ باب النساء الكاسيات العاريات.

## لەووتەکانی ڕۆژهەڵات ناسان( المستشرقين )

**١-(إتى بيزات) زەعیمی غەربی دەڵێ:**

**(أ) زۆر لەناو بیر و فکر و خەیاڵاتی خۆمدا خولامەوە، بۆم دەرکەوت کە ئافرەت لە ژێر سایەی ئیسلامدا زۆرترین ئازادی هەیە لەچاو هەموو فیکر و ئایین و ئایدۆلۆژیاکانی تردا، چونکە پارێزگاری لەمافی ئافرەت زیاتر لەئیسلامدا بەدی دەکرێت وەك لەهەموو ئایین و دید و بۆچونەکانی تر، ئەو دید و بۆچونانەی کە قەدەغەی فرەژنی( تعدد الزوجات) دەکەن، یاساکانی ئیسلام بە نسبەت ئافرەتەوە زۆرترین دادوەری تێدایە دەربارەی مافی ئافرەت و زیاترین ئازادیشی تێدایە، دەبینین لەشوێنێکی وەکو ئینگلتەرا کە تا پێش چەند ساڵێکیش لەمەوبەر ئافرەت دوای ئەوەی کە شووەکەی مردووە، هیچ مافێکی بە ماڵی مێردەکەیەوە نەماوە و وەلانراوەلەمیراتەکەی، بەڵام دەبینین کە ئەو حەق و ماف و میراتەی ئافرەت لەئیسلامدا لەیەکەم جارەوە چەسپاوە و جێ بەجێ کراوە. وە بەڕاستی ئەوە درۆیەکی هەڵبەستراو و ئیفتەرایە کە بەدەم ئیسلامەوە دەکرێ کە گوایە لەئیسلامدا ئافرەت شتێکە بێبەشە لەژیان (٧).**

**(ب) هەروەها دەڵێ: هەرکاتێ هەموو کارەکانمان سەبارەت بە ئافرەت بە پێوانەیەکی ڕاست و ڕەوان پێوا، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە فرەژنی لەئیسلامدا دەبێتە هۆی پاراستن و پارێزگاری کردن و پاك ڕاگرتنی ئافرەتان، کە ئەمەش زۆر باشترو سەربەرزی ترە لەو بەد ڕەوشتی یەی ئافرتانی ڕۆژئاوا، کە ڕێگە دەدات بە پیاوان ئافرەتان بگرن تەنها بۆ تێرکردن و دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانیان، پاشان لەسەر شەقام و ڕێگاکان فرێیان دەدەن لەدوای ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان (٨).**

**٢-( فرانسواز ساجان) ئافرەتی ڕۆژهەڵات ناس دەڵێ: ئەی ئافرەتانی ڕۆژهەڵات(وولاَتانی ئیسلامی) بەڕاستی ئەو کەسانەی بە ناوی ئێوەوە بانگ دەکەن و داوا دەکەن بۆ یەکسانیتان لەگەڵ پیاوان دا، بەڕاستی ئەوان پێتان پێ دەکەنن، وەك لەڕابردوودا لەپێش ئێوەدا بە ئێمە پێکەنیون.**

---

(٧) بەڵکو دەڵێم بە پێچەوانەوە لەناو ئایین و بیر و دید و بۆچونەکانی تردا ئافرەت بێبەش کراوە لەژیان و مافی خۆی، بەوەی کە ئافرەتیان کەم نرخ کردووە و کردویانەتە کاڵایەك و بازرگانی پێوە دەکەن لەڕوی (جنسی و جەستەییشەوە)، لەلایەنی جنسییەوە پیاوان هەموو مەبەستێکیان تێرکردنی ئارەزوەکانی خۆیانە، وە دەیانەوێ وەکو گورگ بکەونە گیانی ئافرەتانەوە و هیچ ڕێگریی یەکیان لەبەردەم نەبێ و هەرکات بیانەوێ بەدەستی بێنن، بۆیە ئەی ئافرەتی ژیر و هۆشیار نەکەی بکەویە داو و تەڵەکانیانەوە، چونکە ئەوان لەڕێگای درۆ و دەلەسەکانیانەوە بە بیانوی مافی ئافرەتانەوە دیانەوێ هەڵت بخەڵەتێنن، وە لەڕوی جەستەیی شەوە: ئافرەتان و وێنەکانیان بەکاردەهێنن بۆ ڕیکلام و سەرف بونی بەرهەمەکانیان، بەجۆرێك کە ئێستا کەم شت لەناو بازاڕەکاندا هەیە ئیللا وێنەی ئافرەتێکی سەرنج ڕاکێشەری لەسەرە، وە کەم کەناڵ هەیە کە ئافرەتانی سفور و بێ پۆشتە بەرکارنەهێنن بۆ ڕیکلام کردنی بەرهەمە بازرگانیە جۆر بەجۆرەکان. وە هەموو کەسانێکی ژیر و خاوەن عەقڵ ئەم ڕاستیە دەزانن و دەرکی پێ دەکەن، کەوابو تا کەی ئێمە بە قسە زریق و بریقەدارەکانیان فریو بخۆین؟!!)(وەرگێڕ).

(٨) ئەمە شتێکی بەڵگە نەویستە کە حاڵی ئافرەتان بەم شێوەیەیە لەئەوروپا و ڕۆژئاوا، کە هەندێك ئافرەتان شەوان بە جادە و ئوتێلەکاندا دەگەڕێن و هەموو لاشەی خۆیان تەسلیم بەوکەسە دەکەن لەپێناو نان پێدان و حەوانەوەیان بۆیەك شەو!! جا ئافرەتانی خاوەن عەقڵ و ژیر، پیاوانی خاوەن غیرەت و شەرەف ئێوە و بەوە ڕازی دەبن کە لەداهاتوودا بەم شێوەیە مامەڵتان لەگەڵدا بکرێ و ئایندەتان بەرەو ئەم نەهامەتی و ماڵ وێرانی و بێ شەرمیە و ئەم تێکچونی شیرازەی کۆمەڵەو بەرەڵایی یە بچێ ؟!! بێگومان بۆ کەسانی خاوەن غیرەت و ئیمان نەخێر(وەرگێڕ)

٣- مامۆستا( فون هومر) دەڵێ: باڵا پۆشی بریتی یە لەهۆکاری پارێزگاری کردن، لەبەر ئەوە باڵا پۆشی پێویستە بۆ ئافرەتان کە بەهۆیەوە دەبێتە خاوەن سەنگ و ڕێز و حەیا و حورمەت، ئەو جۆرە ئافرەتانەی کە هەموو کەس خۆزگەی بۆ دەخوازێ ببێتە خاوەنیان.

## ئەمریکی‌یەك باسی موسڵمان بونی خۆی دەکات

زۆرێك لەخەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕێگای نوێ دەگەڕێن، جا لەڕێگەی ئیسلامەوە بێت یان لەڕێگای ئایینی مەسیحی، یان لەڕێگای ئایینی بوزی، یان هیندۆسی یەوە بێت، وە زۆرێك لەئەمریکییەکان هەستیان بەوە کردووە کە پێویستیان بەیەك خودا و پەرستراو هەیە، بەڵام کەمێك لەموسڵمانان لەئەمریکا بە ڕاشکاوی دەڵێن ئیسلام بریتی یە لەڕێگایەك بەرەو(الله)، ئەو ڕێگایەی کە خودای گەورە بۆی هەڵبژاردوین.

١- بەڕاستی لەسەرەتا دا کاتی خۆم تەرخان کردبوو بۆ دیانەتی بوزی، وە بۆ چەند ساڵێك تێپەڕی و ڕابورد دەمویست ببم بە ڕاهیبێکی بوزی، بەڵام لەدوای دیراسەکردن و بە دواداچونم بۆ دینە بەراورد کراوەکان لەزانکۆ، بەرەو دینی ئیسلام ڕێم گرتەبەر، وە دوای دەرچونم لەزانکۆ گەشتێکم بۆ ئەوروپا کرد، وە لەهۆڵەندا بە هاوڕێیەتی دوو برادەران خوێندم، یەکێك لەڕەفیق تەلەبەکانم ئەردەنی بوو، وە یەکێکی تریان پیاوێکی گەورە بوو لەتەمەندا خاوەن پێگەیەکی بەرز بوو کە ئەویان خەڵکی ئەلبانیا بوو، ماوەی(٣٠ تا ٤٠)ساڵ ژیانی لەهۆڵەندا بەڕێکردبوو، وە هەموو ژیانی تەرخان کردبوو بۆ خوای گەورە، وە بە کاریگەری ئەو دوو برادەرە چومە ناو ئاینی ئیسلامەوە، بە بێ ئەوەی گرنگی بدەم بە جوانی ئەو دینە یان پاکی ئەو دینە، یان کاریگەری ئەو دینە، بەڵکو تەواو باوەڕ و قەناعەتم کرد بەوەی کە محمد(صلی الله علیە وسلم) لەڕاستیدا نێردراوی خوایە، جا ئەگەر پشتم کرد لەلایەنێك لەپەیامەکەی خوداو پێغەمبەرەکەی(صلی الله علیە وسلم) ئەو کات خوای گەورە بەهانامەوە نایەت و فریام ناکەوێت.

٢- بەڕاستی ئەو پێنج ساڵەی کۆتایم لەئەمریکا بەڕێ کرد و بە شێکی تریشم لەجیهانی عەرەبی بەڕێکرد، وە گەیشتم بەو ئەنجامەی کە ئیسلامم خۆش بوێ و ڕێزی لێ بگرم، وە بە چاوی متمانەوە سەیری بکەم کە چۆن ئەم دینە وێنەی ژیانی مرۆڤ دەکێشێ و بە پیرۆز و موبارەکی دادەنێت. وە بەڕاستی کارەساتێکی گەورەیە کە ئێستا دەبینم کۆمەڵگا ئیسلامییەکان متمانە کردنیان بە ئیسلام لەدەست داوە، بە شێوەیەك کە ئەم گەلەموسڵمانانە و دەوڵەتەکانیشیان هەوڵی ئەوە دەدەن کە لاسایی ئەمریکا و جیهانی ڕۆژئاوا بکەنەوە، ئەوە لەکاتێکدا کە ئەمریکییەکان و ڕۆژئاوایی یەکان هەموو ڕۆژێك کە بەیانی دەکەنەوە هیچ متمانە و هیوایەکیان بە خۆیان و یاساو ڕێساو بیرو باوەڕەکەیان نەماوە، ئێستا ملیۆنەها کەس لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامی دەیانەوێ ڕابکەن و بچن بۆ ئەمریکا، ئەویش لەپێناو بەدەست هێنانی ژیانێکی خۆش و کامەران و بەرچاو ڕوون، ئەمە لەکاتێکدا بە ملیۆنەها کەس لەگەڵی ئەمریکا باوەڕی تەواویان وایە کە

دەوڵەتەکەیان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپ بوونی زیاتر دەچێت، وەکەسانێکی زۆر لەخەڵکی ئەمریکا باوەڕیان وایە ئەمریکا بەرەو تیا چوون بچیّ لەئایندەیەکی نزیکدا.

٣–بەڵام موسڵمانەکانی ئەمریکا تیایاندا هەیە کە باوەڕێکی پتەو و گەورەی بە ئیسلام هەیە، بە تایبەتی ئەوانەی کە لەدینەکانی ترەوە هیدایەت دراون بۆ ئیسلام، بەڵام پێویستیەکی زۆرمان بە ناسینی تەواوی ئیسلام هەیە، وە لەبەر نەزانی خۆمان بەوەی کە ئیسلام وەکو خۆی ناناسین، زۆر جار هەڵدەستین بە کردنی کردەوەی ناشیاو و هەندیّ جار کردەوەی ترسناك، کە ئەوەش بەناوی ئیسلامەوە دەکریّ، لێرەدا کەسانێکی کەم هەن لەگەڵ ئەمریکا کە بزانن چۆن ڕێنمایی براکانیان بکەن، وە دەستەیەکی کەم هەن لەموسڵمانانی ئەو کۆمەڵگایەی کە ئیسلام جیّ بەجیّ دەکەن بڕۆن بۆ ئەمریکا بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و هەستن بە ڕاستکردنەوەی ئایین، وە لەسەر ئەساس و بنچینەیەکی پاك و بێگەرد دایبمەزرێنن، جا لێرەدا کۆمەڵگای ئیسلامی لەجیهاندا لەڕاستی دا ئەوە جیّ بەجیّ ناکات کە واجبە لەسەری و کەسانێکی زۆر لەبانگ خوازان و ئامۆژگاریکەران ناڕۆن بۆ ئەمریکا بۆ پاڵپشتی کردنی شەرع و دینی خودای گەورە.

٤– لەکۆتاییدا ئومێدم وایە و وادەبینم لەو چەند دەساڵەی دێت إن شاءالله قوتابیانی ئەمریکا شارەزایی زۆر پەیدا بکەن لەسەر بنکە تەقلیدیەکانی ڕۆشنبیری ئیسلامی. وە هیوام وایە پاڵپشتێکی بەهێز پەیدابکەن کە گوێرایەڵی خوای گەورەی لێبکریّ بۆ ئەوەی لەسەر هیدایەت بژین، والحمد لله ربّ العالمين.....

## کچێکی ئەمریکی قەناعەت بە ئیسلام دەکات

**ئیسلام تاکە ڕێگایەکە بۆ ڕزگاربون و دەربازبونی مرۆڤایەتی:**

(هاجر) کە ناوی نوێیەتی دوای موسڵمان بونی کە پێشتر ناوی(یامیلا)بووە کچە گەنجێکی ئەمریکی یە لەتەمەنی(٢٨) ساڵی دایە[٩]، کە قوتابییە لەبەشی کۆمەڵایەتی لەزانکۆی(میزوری) لەکۆلۆمبیا، پێش دوو ساڵ هەڵساوە بە خوێندنەوە و بەدواداچون بۆ ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی قولّ و بەرفراوان هەتا گەیشت بەو بیروباوەڕەی کە لەئیسلامدا هەیە، کە پێشتر نەیتوانی بوو بیدۆزێتەوە لەدەستور و سەقافەتی ماددی ئەمریکی دا، لەدوای دووساڵ لەدیراسەکردن و لێکۆڵینەوە ئاشکرایکرد کە ناوی خۆی لە(یامیلا)وە گۆڕی وە بۆ(هاجەر) بەو شێوەیە دەڵێت: ناوی(هاجەر)م لەلا خۆشەویست بوو لەناو دڵمدا، چونکە پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەیە(واتا ناوێکی ئیسلامی یە) بەم شێوەیە(هاجەر) بەسەر هاتی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵیّ: لەماوەیەکی درێژخایەندا لەناو فکرو خەیاڵمدا چەندین پرسیارم بۆ دروست دەبوون دەربارەی بونوەرو وجودو ژیان کە بەڕاستی هانیان دام بەدوایدا بگەڕێم،وە بیرم دەکردەوە لەوەڵامی ئەو پرسیارە فەلسەفیانە بەڵام بیّ هودە بوو، هیچ وەڵام و تەفسیرێکی قەناعەت پێکەرم دەست نەکەوت لەماوەی بەدواداچونم و خوێندنەوەی سەقافەی ماددی ئەمریکیدا، بەڵام یەکێك بوم لەوانەی کە گوێم لەئیسلام بوو بەڵام وێنەکەیم

(٩) دیارە ئەو کاتە لەو تەمەنەدا بووە کە شێخ(محمد بن جميل زينو) ئەو نوسراوەی نوسیوە، نەك ئێستا ! ( وەرگێر).

لا نادیاربوو لەمێشکمدا، بەڵکو هەرناشیرن بوو لام وام دەزانی کە دینێکە جیاوازی دەخاتە نێوان پیاو ژن و لەسەر توندوتیژی وەستاوە، وە لەسەر ئەم نەزانیەم بەرامبەر هەقیقەتی ئیسلام مامەوە، تاکو ئەو کاتە زانیم کە ئەو ئایینە چەند پاك و بێگەردە و دەتوانێ بەرەنگاری هێزی ماددی بێتەوە، لەو کاتەی دەستم پێکرد و بەدواداچون و لێکۆڵینەوەم کرد دەربارەی ئاینی ئیسلام ئەم لێکۆڵینەوەشم لەسەرەتادا زۆر لاقورس بوو، چونکە لەوشوێنەی کە من لێی بووم هیچ پەرتوکێکی ڕاست و دروستی لێ نەبوو دەربارەی ئیسلام کە باسی ئیسلام بکات، بەڵکو لەسەرەتادا هەستم کرد بە خۆشەویستی ئیسلام لەناو دڵم چونکە دینێکی دادوەرو بێ جیاوازیە، بەڕاست ئازادی تەواو دەبەخشێت بە تاکەکانی کۆمەڵ وە ئەو کەسەش بەرپرسە لەسەر کردەوەکانی، بەو شێوەیە بە تێپەڕبونی کات زیاتر هۆشیاری و تێگەیشتنم زیادی کرد لەئیسلامدا، وە دوای ئەوە خوای گەورە هیدایەتی دام بۆ قبوڵکردنی ئیسلام.

## ( هاجەر ) بانگەوازی بۆ ئیسلام دەکات

لەو کاتەی کە(هاجەر) موسڵمانبونی خۆی ڕاگەیاند زۆر بە دڵسۆزی و چالاکی هەستا بە بلاوکردنەوەی ئیسلام،ئێستا ئەو وادەبینێت کە پەیامەکەی لەڕێگەی ئیسلامدا بەرەو تێکۆشان و بلاوکردنەوەی بانگەوازی بێ بۆ ئەمریکیەکان، ئەو ئەمریکیانەی کە نەزان و بێ خەبەرن بەرامبەر بە هەقیقەتی ئیسلام، ئەویش بەکاریگەری ئەوەی دوژمنان و نەیارانی ئیسلام وێنەی ئیسلامیان شێواندووە. بەڕاستی ئیسلام گۆڕانی تەواوی بەسەر(هاجەر)دا هێنا. ئەو کەسەرەتا پێش موسڵمان بونی وەکو هەر کچە ئەمریکیەکی بێ ئامانج ژیانی دەبردە سەر، بەلام ئێستا پابەندە بە یاساو ڕێساو فەرمانەکانی ئیسلامەوە، هەروەك دەڵێ: بەڕاستی مەبەستی گەورەم ئەوەیە تێبکۆشم لەڕێگەی ئیسلام، وە دوژمنایەتی سەرمایەداری و زۆرداری و خراپە بکەم، جا لەدوای توێژینەوەم ڕێگەی ئیسلامم دۆزیەوە کە تاکە ڕێگایە بۆ دەربازبونی مرۆڤایەتی لەخەتەرناکی شەڕ و برسییەتی و هیلاکی و ماندویی، وە کاتێ(هاجەر) پرسیاری لێ کرا: بۆچی تەنها ئیسلام بریتییە لەڕێگای دەربازبونی مرۆڤایەتی؟ لەوەلامدا وتی: بەڕاستی ئیسلام بریتییە لەتاکە ئایینێك کە هەستابێ بە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتییەکان و سیاسەتی سەردەمی ئەمڕۆ، بەڕاستی ئیسلام یاسا و دەستوری ژیانی بە تەواوەتی لەخۆگرتووە. کە هاوکێشە دروست دەکات لەنێوان داواکاری ڕوح و پێداویستی لاشە بە بێ کەم و کوڕی و زەرەرمەندی، بەڕاستی وەلامی پاکو پوخت و ڕوونم دەست کەوت لەسەر پرسیارە فەلسەفیەکان، ئەو پرسیارانەی کە هەموو کاتێك تووشی قەلەق و ڕاڕایان کردبوم وە بە هۆیەوە خەویشم لێ زڕابوو لەئەنجامی زۆر بیرکردنەوەم لەم پرسیارە فەلسەفیانە.

لەو کاتەی کە(هاجەر) دەربارەی ئیسلام قسە دەکات هەست بە ڕاستگۆیی دەکات لەوتەکانی دا، ئەو دەزانێ چی دەڵێ و هەندێ جار کە قسە دەکات دەربارەی ئیسلام، وشە عەرەبیەکان بەکاردەهێنێ بەهۆی کاریگەری ئیسلام بەسەریەوە، بەلام لەهەموو کاتەکاندا زۆر بە باشی تێدەگات کە ئیسلام سیستەمێکی گشتگیرە و ئایین تەنها بریتی نییە لەعیبادەت و پەرستش. لەبیرو بۆچونی ئەو تێکۆشان بۆ بانگەوازی

كردن گرینگترین شته كه موسڵمانان پێویستیان پێیەتی لەم كاتەی ئێستادا. لەوەتەی(هاجەر) موسڵمان بووه هەموو شێوازەكانی ژیانی خۆی گۆڕیوه، به شێوەیەك جل و بەرگێكی شەرعی لەبەركردووه(واتا بالاّ پۆشه) وه هەستاوه به جێبەجێكردنی پێنج نوێژه فەرزەكان لەكاتی خۆیدا، وه زۆر خۆی ماندوو دەكرد بۆ لەبەركردنی ئایەتەكانی قورئان، بۆ ئەوەی بتوانێ نوێژەكانی بەبێ كەم و كوڕی ئەنجام بدات، وه پێی ئاساییه كه موسڵمان بونی خۆی ڕادەگەیەنێت ڕوبەڕوی چەندان ڕەخنەو تانەو تەشەر دەبێتەوه. بەلاّم(هاجەر)ی موسڵمان وەك دەڵێ: خۆشحاڵ دەبم بەو كارەساتانەی بەسەرم دادێن ئەگەر لەپێناو بیرو باوەڕەكەمدا بێت، وه ئەوەش شایستەیه كه هەموو موسڵمانانی نێر و مێ بەم شێوەیه بیر بكەنەوه. بەڕاستی لەپێشتردا موسڵمانان زۆر ئازار و ئەشكەنجه دراون، كەچی ئەوان وازیان لەدینەكەیان نەهێناوه، وه منیش هیچ خەمێكم نیه جگه لەگرنگی دان به ئایینی ئیسلام .(هاجەر) چالاكیەكانی تەنها تایبەت نەبون بەلایەنی ئایینی یەوه بەڵكو لەبواری ڕامیاریشدا چالاكی هەبوو. وه باوەڕی هەبوو به مافه دادوەریەكان بۆ گەلی موسڵمانی فەلەستینی، لەبەرئەوه(هاجەر) هەردەم باس و وانه وتنەوەكەی لەسەر ئەو ستەمه بووه كه لەگەلی فەلەستینی كراوه. بەڕاستی(هاجەر)دیاریدەیەكی تاقانەیه كه ئافرەتێكی سپی پێستی ئەمریكییه لەپڕ گۆڕاوه بۆ بانگەوازكارێكی ئیسلامی، وه بەهەموو تواناكانی خۆی بەرگری دەكات لەدۆزەكانی گەلی موسڵمان لەكاتێكدا كه لەكۆمەڵگایەكدا دەژی هیچ گرینگییەك به ئایینی ئیسلام نادەن، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ساردبونەوەو ماندوبونی نییه لەسەر ڕێبازەكەی. وه پەیامەكەشی بۆ هەموو گەلی موسڵمانانه بەگشتی و بۆ عەرەبەكانیش به تایبەتییه، وەك دەڵێ: ئێوه بون ڕێگاتان ڕۆشن كردەوه بۆ مرۆڤایەتی، جا ئێوه لاوازی و زەبونی خۆتان دەرمەبڕن لەبەردەم داگیركەرانی زەوی یه پیرۆزەكەتان بەرامبەر ئیسرائیل [١٠] و دۆستانیان.

## وتەی چەند ڕۆژهەلاّت ناسێكی تر

١- فەیلەسوف(بەرنادشۆ)دەڵێ: بەڕاستی من لەناخمدا ڕێزی تەواوم هەیه بۆ ئایینی محمد(صلی الله علیه وسلم) چونكه ئایینێكی زیندووه، ئیسلام تاكه ئایینێكه كه بۆم دەركەوتووه هێزێكی زۆری تێدایه كه گونجاوه بۆ هەموو لایەنه جیاوازەكانی ژیان وه گونجاوه بۆ هەموو سەردەمێك، بەڕاستی لێكۆڵینەوەم لەسەر ژیانی ئەم پیاوه سەرسوڕمانی كردوم، بەبۆچونی من پێویسته ناوی(ڕزگاركاری مرۆڤایەتی)لێبنێین بەبێ ئەوەی لەم ناوه دژیاتی مەسیح(عیسا)پێغەمبەر(علیه السلام) بكات.

وەمن بەڕاستی بڕوام وایه ئەگەر بوار بدرێت بەپیاوێكی وەكو محمد(صلی الله علیه وسلم) كه كاروباری بەڕێوەبردنی ئەم جیهانەی بدرێته دەست بەتەنها، ئەوا بێگومان سەركەتو دەبێت لەچارەسەركردنی هەموو كێشەكان بەشێوازێكی وا كەدەرئەنجامی بەختەوەری و ئاشتی لێدەكەوێتەوه كه ئێستا جیهان زۆر

---

(١٠) ناونانی جولەكه(الیهود) به دەوڵەتی ئیسرائیل هەڵەیەكی گەورەیه چونكه:

ا ) بەڕاستی ناوی ئیسرائیل بریتییه لەیەعقوب پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) و جولەكه لەبەنی ئیسرائیلن هەروەكو قورئان دەربارەیان دەفەرموێ

ب) بەڕاستی ئیسرائیل كه بریتییه لە( یەعقوب پێغەمبەر) بەرییه لەو زوڵم و ستەمەی كه ئەوان دەیكەن.

**پێویستی پێیەتی، بێگومان من وای دەبینم کە خەڵك لەداهاتوودا ڕوودەکەنە ئاینی محمد(صلی الله علیه وسلم) لە ئەوروپا، وەئێستا لە ئەوروپا ئیسلام قبوڵ دەکرێت لەلایەن خەڵکەوە.**

## دان پێدان و درکاندنەکان
## (تسریحات)ی مۆسیقا ژەنی جیهانی

**ڕۆژنامەی(المدينــة المنــورة)لەبەرواری ٥ی ڕەمەزانی ١٤٠٠ھ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە دەربارەی چۆنیەتی موسڵمان بونی مۆسیقاژەنی جیهانی(کات ستیفنز) ئەوەی کەدوای موسڵمانبونی ناوی خۆی نا(یوسف ئیسلام)وە لەو ڕاپۆرتەدا لێدوانێکی گرینگی تێدایە وەچەند ئامۆژگاریەکی بەسودە، وە بەمەبەستی سود وەرگرتن لێی گرینگ ترینی ئەوەی تێداهاتووەو دەڵێ:**

**١-ڕۆژئاوا شڵەژا کاتێك وازم لەگۆرانی هێناو لەو کاتەی کە موسڵمان بوم، وە پرسیار دەستی پێکرد و ڕووبەرم بۆوە و دەیان وت چۆن گۆڕانکاریت بەسەرداهات؟ وە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هەمویان بێدەنگ بون و بەتەواوی لەیادیان کردم وەك جاران باسیێن نەدەکردم لەبەرئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆژئاوا هی جولەکە بون، وە ئەوان خاوەنی هەموو کلیلەکانی ڕاگەیاندنن.**

**٢-هۆکاری موسڵمان بونم سەردانکردنی برایەکم بوو بۆ مزگەوتی ئەقصا لە قدس وە دوو نوسخەی لە قورئانی پیرۆز هەدیە کردم یەکیان عەرەبی و ئەی تریان بە ئینگلیزی بوو چونکە دەیزانی چەند گرینگی بە دینە ئاسمانیەکان دەدەم. جاقورئانم بەتەنها خوێندەوە هەتا بەتەواوی خوێندمەوەو دراسەیەکی تێرو تەسەلم کرد، پاشان دیراسەی ژیانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)مم کرد، وەکەسایەتی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کردم، وەدوای ساڵ ونیوێك لەدیراسەکردنی زانستیانە قەناعەتم بەگەورەیی ئیسلام کردوو زانیم کە بەڕاستی دینێکی ڕاستەو سوپاسی خوای گەورەم کرد لەسەر ئەوەی کە قەناعەتم بە ئیسلام کرد پێش ئەوەی کە لەگەڵ یەك موسڵمان کۆببمەوە، وە پێش ئەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان بزانم (١١).**

**٣-ڕۆیشتم بۆ قودس و موسڵمانانی ئەوێ دڵخۆش بوون بەمن لەمزگەوتی ئەقصا، وە گریام و نوێژم لەوێ کرد، وە قودس بریتی یە لەجەرگی دونیای ئیسلامی، جا ئەگەر جەرگ دەردەدارو نەخۆش بوو ئەوا دنیای**

(١١) دیارە(یوسف ئیسلام) بۆیە ئەو قسانە دەکات چونکە دوای موسڵمان بونی و دامەزرانی ئیمانی تا ڕاددەیەك، تێکەڵی موسڵمانان بووەو کەمو کورتی زۆری لێ بینیون و خیلافات و پەرتەوازەیی زۆر بینیوە کە پێشتر ئەوشتانەی ببینی باو بیبستبایە ڕەنگە لەئیسلام دورکەوتبایەوە، بەڵام دیارە کە کەمو کورتیەکە لەخودی موسڵمانان داهەیەو بەرنامەی ئیسلام هیچ کەمو کوڕیەکی تێدانیەو بەڵکو هانی موسڵمانان دەدات کە فەرمان بە چاکە بکەن و نەهی لەخراپە بکەن، وە داوایان لێدەکات کە هەمو یەك بن و پەرتەوازە نەبن چونکە پەرتەوازەیی و ناکۆکی تاکە هۆکارە بۆ دەرکەوتنی لاوازبونی موسڵمانان و فەشەل هێنانیان.وەك خوای گەورە دەفەرموێ﴿ ولا تنازعوا فتفشلوا﴾ الانفال: ٤٦ بۆ زیاتر دڵنیابون و تێگەیشتن لەو باسە کتێبی (برایەتی نێوان موسڵمانان) لە نوسینی (م.محمد عبدالرحمن)و کتێبی (حزبایەتی لە تێڕوانینی زانایانی ئەهلی سوننەوە) لە نوسینی (هیوا نجم الدين حيدر) بخوێنەوە (وەرگێڕ).

**ئیسلامی هەموو نەخۆش دەبێت، وە بە شیفا هاتنیشی شیفای هەموو لایەك دێت( وە لەسەرمان واجبە كە ئەو جەرگە بەناوی ئیسلامەوە ئازاد بكەین.) [١٢].**

**٤–گەلی فەلەستین لەسەریان واجبە كە دەست بگرن بە ئیسلامەكەیان و دینەكەیان وە پارێزگاری لەسەر نوێژەكانیان بكەن، وە من دڵنیام كە خوای گەورە سەریان دەخات.**

**٥–لەدوای موسڵمان بونم پێیان وتم: جگەرە كێشان حەرامە جا تەركم كردو خواردنەوە بێ هۆشكەرەكانم تەرككردووە، تێكەڵی و دۆستایەتیم لەگەڵ ئافرەتان تەرك كردووە، وە وازم لەگۆرانی و مۆسیقا هێنا [١٣].**

**٦–ئافرەتێكی بالاّ پۆشم هەڵبژارد چونكە جوانی لەئافرەتدا هەموو شتێك نییە، چونكە بەڕاستی ئیسلام بریتییە لە ئیمان و داوێن پاكی و ڕەوشت بەرزی.**

**٧– ئێستا هەستاوم بە فێربونی زمانی عەرەبی هەتاوەكو بتوانم قورئان بخوێنمەوە، وە هەتاوەكو تام و چێژی لێوەربگرم و لە پەیامەكەی تێبگەم، لەمەودوا چەند كتابێك دادەنێم دەربارەی گەورەیی ئیسلام بۆئەوەی ناوبانگم بقۆزمەوە.**

**٨–بڕوام وایە نوێژكردن لەكاتی خۆیدا گرینگترین پایەیە لەپایەكانی ئیسلام لەدوای شەهادەت هێنان وە پارێزگاری كردن لەسەری لەكاتەكانی خۆیاندا بریتییە لەگەورەترین قەلاّ بۆ مرۆڤەكان و ئیسلامەتیەكەیان، وە من هەست بەپشوو و ئارامیەكی زۆر نائاسایی دەكەم لەدوای هەموو نوێژێكدا.**

**گوێم لێ بوو كە(یوسف ئیسلام) لەئینگلتەرا دادەنیشێ وە هەڵدەستێ بە بانگەوازی كردن بۆ ئیسلام و مزگەوتێكی تایبەتی هەیە، موسڵمانان دەوریان داوەو پشتیوانی لێ دەكەن، جابەڕاستی پێش موسڵمانان كەوتەوە لەدەستگرتنی(یوسف ئیسلام)بە ئایینی ئیسلام و خۆشەویستی بۆ ئیسلام، داوا لەخوای گەورە دەكەم كەسەركەوتوی بكات و بەردەوام و جێگیری بكات، خوای گەورە بەرەكەت بخاتە ناوی وە لەنمونەی ئەویش و موسڵمانانی تری بانگخواز و كۆششكار.........**

---

(١٢) نەك بەناوی عەرەبایەتی و دەمارگیری و نەتەوە پەرستیەوە چونكە خوای گەورە دەمارگیری قبولّ نییە جا هەر قەومێك یا هۆزو گەلێك بێ بەلّكو دەبێ هەموو مەبەستێكی موسلّمان سەرخستنی ئیسلام بێ،وە دەبێ خۆیشی و گەلەكەشی لەو پێناوەدا فیدا بكات، نەك ئیسلام بەكاربهێنێت بۆ رزگاركردن و سەرخستنی خۆی یان گەلەكەی!!!!(وەرگێڕ)

(١٣)خەلّكی لەولاّتانی نائیسلامی موسلّمان دەبن و دەست بەجێ لەدینەكە تێ دەگەن و واز لەتێكەلّی نێوان ژن و پیاو و گۆرانی مۆسیقا دەهێنن، چونكە دەزانن كە فەرمانی خوای گەورەیە بێگومان هەرشتێك كە دینی ڕاستەقینەش بیلّێ دیارە سود و قازانج لەوەدایە بەلاّم بەداخەوە دەلّێم كە موسلّمانانی ناو وولاّتی ئیسلامی وەكو ئێمە تازە بەتازە دێن ژن و پیاو تێكەلّ دەكەن و گۆرانی مۆسیقا ڕەواج پێ دەدەن لەوەش نەهامەتی تر ئەوەیە كە ئیسلامیەكان دەیكەن و بەناوی دەعوەو بانگەوازیشەوە دەیكەن،وە خوای گەورە پاكە و ئەوەی پاكیش نەبێ وەری ناگرێ، بۆیە لێرەدا پێویستە بگەڕێینەوە سەر ئەو فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ ) كە دەفەرموێ{ ولا يقبل الله إلاَ الطيب}صحيح فى صحيح جامع الصغير رقم (٦١٥٢) واتا:خوای گەورە ئەوەی كە پاك نەبێ وەری ناگری و قبولّی نییە. وە ئەو قاعیدەو بنچینە شەرعیەی كە دەلّێ(مابنى على الفاسد فهو فاسد) واتا: هەرشتێك لەسەر فاسدو بەد بینا بكرێ ئەوا بەرهەمەكەشی بەد و خراپ دەبێت.كەواتە دەبێت دەعوەو بانگەوازیمان بەو ڕێگایانە بێت كە پێغەمبەر (ﷺ) گرتویەتی بەر نەك بەشتی بەدو حەرام و قەدەغەكراو، هەروەك ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێ (لايصلح آخر هذه أمّة إلاّ بما صلح به أولها) واتە: ئەم ئوممەتە چاك نابێت تەنها بەوە نەبێت كە سەرەتاكەی پێ چاك بووە، واتا لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) خەلّكی بەچی چاك بووە و هیدایەتی وەرگرتووە دەبێ ئەم هۆكارانە بگرینە بەر، وە بێگومان یەكەم شتیش كەدەستی پێ بكەین دەبێ بریتی بێت لەپاككردنەوەی بیرو باوەڕو ڕەوشتی موسلّمانان لەدیاریدەی شیرك و تاوان، وە پالاّفتە كردنی ئاینی ئیسلام لەبیدعەو بۆچونە داهێنراوەكان.(وەرگێڕ)

## گفتوگۆیەك لەنێوان موسڵمانێك و گاورێكدا

**موسڵمانێك گەیشت بە مامۆستایەکی گاور(نصرانی) و گفتوگۆیەك لەنێوانیان پەیدابوو کە ئەمەی خوارەوەیە:**

**-موسڵمانەکە: ئایا پێغەمبەران(عليهم السلام) هەمویان برانین(موساو عیساومحمد) سەلامی خوایان لەسەر بێت؟**

***گاورەکە: بەڵێ پێغەمبەران هەمویان بران.**

**-موسڵمانەکە: لەقورئاندا زۆر سورەتمان هەیە کە باس لە عیساو دایکی دەکات، جاهەرکەسێ بێباوەڕ بێت بە عیسا ئەوا بێباوەڕیشە بەمحمد(صلی الله علیه وسلم) وە من موسڵمانم و شاهیدی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها(الله)نەبێت وە شاهیدی دەدەم کە عیسا نێردراوی خوایەو محمد(صلی الله علیه وسلم)یش نێردراوی خوایە.**

***گاورەکە: وە منیش شاهیدی دەدەم** (لاإله إلاّ الله وأنّ محمدا رسول الله).

**موسڵمانەکە: ئەگەر یەکێ لە خراپەکاران هات بۆلات و پێی وتی: چۆن وازت لەدینەکەی خۆت هێنا؟**

**پێی بڵێ: من تا ئێستا بەردەوام باوەڕم بە عیسا(سەلامی خوای لەسەر بێ)هەیە، بەڵام باوەڕم زیادی کرد بە باوەڕهێنان وگەواهی دان بەوەی کە محمد(صلی الله علیه وسلم) نێردراوی خوای گەورەیە لەبەر فەرمودەکەی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) کە دەفەرموێ:{هەرکەسێ شاهیدی بدات کە هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق شایەنی پەرستن بێت جگە لە(الله) تاکوتەنهایەو هیچ شەریکێکی نیە ومحمد(صلی الله علیه وسلم) بەندەی ئەوەو نێردراوی ئەوەو عیساش بەندەو نێردراوی خوای گەورەیە ئەوا خوای گەورە دەیباتە بەهەشتەوە}.**

**وە بەڕاستی عیسا(سەلامی خوای لەسەر بێت) مژدەی بەهاتنی پەیامەکەی محمد(صلی الله علیه وسلم) داوە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ:** ﴿ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ﴾الصف:٦.

**واتا: بیربکەرەوە کاتێك کە عیسای کوڕی مەریەم فەرموی ئەی کورانی یەعقوب بێگومان من نێردراوی خوام بۆلای ئێوە، ئەو تەوڕاتەی کە لەپێش مندا هاتووە بەڕاستی دائەنێم وە مژدەتان پێ ئەدەم کە پێغەمبەرێك لەدوای من دێ و ناوی ئەحمەدە** (١٤).

(١٤) دیارە کە پێغەمبەر(ﷺ) چەند ناوێکی هەیە وەك لەقورئاندا ئاماژەی پێکراوە یەکێك لەم ناوانەش بریتییە لەئەحمەد(وەرگێڕ).

# گفتوگۆیەك لەنێوان
# زانایەكی موسڵمان و قەشەیەك دا

١-ژمارەیەكی زۆر لەگاورو موسڵمانان كۆبونەوە بۆ بینی گفتوگۆو مناقەشەیەكی نێوان زانایەكی موسڵمان و قەشەیەك لەهۆڵێكی گەورەدا.

٢-یەكەم جار زانایەكە ئامادەبوو بۆ كۆبونەوەكە پاشان قەشەكە هات و منداڵێكی بچوكیشی لەگەڵ بوو.

٣-زاناكە منداڵی قەشەكەی گرت و دەستی بەیاری و گەمەكردن كرد و هەندێ شیرینی پێدا.

٤-وە لەپڕ زاناكە وای نیشان دا كەدەیەوێ لەمنداڵەكە بدات بۆ ئەوەی بەڵگەیەك پەیدابكات لەسەر قەشەكە.

٥-بەپەلە قەشەكە منداڵەكەی لەزاناكە وەرگرتەوەو ڕێگەی نەدا وای لێ بكات و وتی ئەوە منداڵی منە چۆن دەتەوێ لێی بدەی؟

٦-زاناكە: ئێستا تۆ منداڵەكەت لەمن ڕزگاركرد و نەتهێشت لێی بدەم جا ئەی قەشە چۆن دەڵێی: عیسا كوڕی خوایەو جولەكەكانیش كوشتویانەو لەخاچیان داوە، وە باوكی فریای نەكەوت و ڕزگاری نەكرد(بەگومانی خۆتان) كاتێك كە جووەكان لەخاچیان دا و كوشتیان؟!

قەشەكە سەرسام بوو وە دڵنیابوو گومانی نەما بەوەی كە ئیسلام دینێكی ڕاستەو لەبەر خۆیەوە گوتی:(ئەم زانایە بیرو باوەڕەكەی لەبەرامبەر مەسیح(عیسا) ڕاستەو وە بیروباوەڕی گاورەكانیش لەبەرامبەر عیسا هەڵەیە،

خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿ وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِن شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا ﴿١٥٧﴾ بَل رَّفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٥٨﴾ ﴾ النساء: ١٥٧ - ١٥٨

## شەڕكردن و كوشتنی جولەكەكان لەلایەن موسڵمانانەوە

١-پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ {والّذي نفسي بيده ليوشكن أن ينزل فيكم ابن مريم حكماً عدلا فيكسر الصليب، ويقتل الخنزير، ويضع الجزية، ويفيض المال حتى لايقبل أحد، حتى تكون السجدة الواحدة خيرٌ من الدّنيا وما فيها}واتا(( سوێند بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە زۆر نزیكە كە عیسا دابەزێ و فەرمان ڕەواییەكی یەكسانی بكات، جا هەڵدەستێ بە شكاندنی خاچ و كوشتنی بەراز و دانانی سەرانە، وای لێدێت ماڵ و سامان زۆر دەبێت هەتاوەكو كەس قبوڵی ناكات وە وای لێدێت كە سوژدە بردنێك باشتر دەبێت لەهەموو دونیاو ئەوەی كە تێشی دایە)).

پاشان ئەبوهورەیرە دەفەرموێ: ئەگەر تەناوێ ئەم ئایەتە بخوێننەوە كە دەفەرموێ: ﴿ وَإِن مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا ﴿١٥٩﴾ ﴾ النساء :١٥٩

٢-پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: قیامەت هەڵناستێ تاكو موسڵمانان جولەكەكان نەكوژن، جا موسڵمانان دەیان كوژن تاكو جولەكەكان خۆیان حەشاردەدەن لەپشت بەرد و دار، ئینجا دارو بەردیش لێیان دەدوێن و دەڵێن

**ئەی موسڵمانان ئەی بەندەی خوا ئەوە جولەکەیە کە لەپشتمەوەیە وەرە بیکوژە، تەنها ڕووەکی (غرقد)نەبێ کە ئەو لەڕووەکی جولەکەکانە}**رواه مسلم

**لەسودەکانی ئەم ئایەت و فەرمودەیە:**

**١-بەیان کردن و ئاشکراکردنی سەرەنجامی خراپی زوڵم و زۆرداری و فەسادی نانەوە لەسەر زەوی لەدونیاو دواڕۆژدا.**

**٢-هەواڵدانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)دەربارەی کوشتنی جولەکەکان لەلایەن موسڵمانانەوە وەسەر کەوتنی موسڵمانان کاتێك کە دەست گرن بە دینەکەیانەوە، وە کۆبونەوەی جولەکەکانیش لەفەلەستین ئاسان دەبێت بۆ موسڵمانان کە جولەکەکان بکوژن وەئەوەش یەکێکە لەبەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی محمد(صلی الله علیه وسلم) کە لەمەودوا دێتە دی** إن شاء الله.

## گفتوگۆی باقلانی لەگەڵ قەشەیەکدا

**باقلانی لەگەڵ هەندێ لەقەشەکانی سەردەمی خۆیدا ڕێککەوت لەسەر ئەنجامدانی گفتوگۆیەك:**

**(باقلانی) هاتە ژورەوە بۆلای قەشەکان و بەخێرهاتنی کردن و پێی وتن: حاڵتان چۆنە؟وە حاڵی ڕۆڵەکانتان چۆنە؟ ئەوانیش زۆریان پێناخۆش بوو ئەم پرسیارەی لێ کردن و بە باقلانیان ووت: ئەی تۆ نازانی کە ئێمە قەشەین و ژن نا هێنین و هیچ مناڵێکمان نییە؟!!**

**ئەویش پێی وتن: تورەدەبن و پێتان ناخۆشە مناڵتان هەبێت، ئەدی چۆن منداڵ دەدەنە پاڵ خوای گەورە و دەڵێن عیسا کوڕی خوایە؟!!**

**ئەوانیش بە باقلانیان وت: بەڕاستی تۆ سەرکەوتی بەسەرماندا پێش ئەوەی خەڵکەکە بێن بۆ گفتوگۆیەکە [١٥]!!!!**

## وتوویژی نێوان موسڵمانێك و گاورێك

**گاورەکە: ئەی موسڵمانان بۆ ئێوە بۆتان هەیەو ڕەوایە ژن لەئێمە بهێنن بە پێی شەریعەت ویاسای خۆتان بەڵام بۆچی قەدەغەی دەکەن کە کچەکانتان بدرێنە گاوران؟!!**

**موسڵمانەکە: بەڵێ ئیسلام ژنخوازی بۆئێمە حەڵاڵ کردووە لەئەهلی کیتاب و داوێن پاك جا گاور بێت یان جولەکــــە،خوای گەورەدەفــــەرموێت**﴿ ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡۖ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ ﴾ المائدة: ٥.

**مەبەست لە ئەهلی کتاب ئەوانی داوێن پاکن و زیناکار نین وە لەئەهلی زەمین و شەرکەرنین.لەبەر ئەوەی موسڵمانان باوەڕیان بە موساو عیسا(سەلامی خوایان لێبێت)هەیە وخۆ ئەگەر ئێوەش باوەڕتان بەمحمد پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) هەبێت ئەوا ئافرەتانی ئێمەش بۆ ئێوە حەڵاڵ دەبێت.**

**لە کۆتاییدا داواکارم لەپەروەردگاری بەهەق و باڵا دەست نیازمان پاك بکات لە هەموو کارو کردەوەکانمان.**

(١٥) ئیعجازی قورئانی( باقلانی).

**وصلى الله على نبينا محمد و على آله و صحبه وسلّم.**

وەرگێڕانی و پێداچونەوەی تەواو بوو

له مانگی

رەمەزانی پیرۆزی **١٤٣٢**ك بەرامبەر به ئابی **٢٠١١**ز